ئیزۆپ "Äsop"

ئیزۆپ (بە یۆنانی ئایسۆپۆس)، شاعیری یۆنانی سەدەی شەشەمی پێش زایینە و بۆ یەکەم جار لە لایەن هیرۆدۆتەوە باسی لێوەکراوە. گومان دەکرێ لە ناوچەی تاراکیێن "Thrakien" کە لە دورگەی بالکان واتە بولغارستان و یۆنانی ئەورۆپی هەڵکەوتووە، لە دایك بووبێ و لە شاری دێلفی "Delphi" یۆنان مەحکووم بە کوشتن کراوە.

زانیاری لەسەر ژیانی ئیزۆپ زیاتر لە سەرچاوە مێژوویییەکان و لێکۆڵینەوەکاندا دەبینرێ. لەرێگەی نووسراوەکانی هیرۆدۆت مێژوو نووسی یۆنانییەوە شوێنی لەدایکبوونی ئیزۆپ بە تاراکیێن لە ڕۆژئاوای مێدیترانە ناسراوە. لەسەر دورگەی سامۆس "Samos" کۆیلەی مرۆڤێك بووە بە ناوی خانتێس "Xanthes" کە دواتر بەهۆی تێگەیشتوویی و بڵیمەتیەکەیەوە ئازاد کراوە.

بە پێی سەرچاوەیەکی بیزانسی (ڕۆمی) کە لەسەر زانای ڕۆمی ماکسیموس پلانۆدێس "Maximos Planudes" سەدەی ١٣ و ١٤ دراوەتەدەر، ئیزۆپ لە خزمەت پاشای لیدییەکان کروزوس "Krösus"دا بووە و بە فەرمانی ئەو سەفەری کردووە بۆ شاری دێلفی لە یۆنان. لەوێ بەهۆی سووکایەتیکردن بە خەڵکی شارەکە مەحکووم بە کوشتن کراوە و لەسەر گاشەبەردێکەوە خراوەتە خوارەوە.

سەرەڕای ناودار بوونی ئەفسانە یۆنانییەکانی شاعیرانی وەك هزیود "Hesiod" و ئارشیلۆخۆس "Archilochos" (سەدەی حەوتەمی پێش زایین)، ئیزۆپ کارە ئەدەبی و چیرۆکەکانی خۆی بڵاو کردوە هەروەها دەستی بە گێڕانەوەی مێژوو لە ڕوانگەی خۆیەوە کرد. ئیزۆپ وەك کەسایەتییەکی گرنگی شیعری ئەفسانەیی ناسراوە، و لەو چیرۆکانەدا بە شێوازێکی ساکار ئاماژە بە خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ دەکات.

شیعری ئەفسانەیی: لە سەدەی شەشەمی پێش زایین پێکهاتوون ، یەکەم چاپ لە ساڵی ١٤٧٠، چاپی یەکەم بە زمانی ئاڵمانی ساڵی ١٤٧٦، سەردەمی ئەنتیکەی یۆنان.

ئەفسانەکانی ئیزۆپ بەهۆی ساکاری و بەکارهینانی زمانێکی ڕوون، هەروەها بەهۆی پەیامە ئەخلاقییەکانیەوە، هەم لای خەڵکی ئاسایی و هەم لای زانایان زۆر خۆشەویست بووە. ڕووی شیعرەکانی لە گرووپێکی دیاریکراو نەبووە بەڵکوو بە گشتی هەموو خەڵکی گرتوتەوە.

ئیزۆپ لە ڕێگەی کورتە چیرۆکی شێوە شیعر سەبارەت بە خاڵە لاوازەکانی مرۆڤ، خوو و خدە و پەیوەندایەتی لەگەڵ ئاژەڵی قسە بێژ، جاروباریش گیاو گژ و لێرەوار، کارێکی ڕەخنەگری زۆر پڕ بایەخی خوڵقاندووە. خوداکان و مرۆڤ زۆر کەم لە چیرۆکەکانی ئەودا دەبینرێن و لە چیرۆکەکانیدا زیاتر لەگەڵ ئەم کەسایەتییانە ڕووبەڕوو دەبینەوە: مشك و بۆق، هەڵۆ و کۆتر، ئەسپ و گا، کەر و سەگ، ئاسك و کەرویشك، قشقەرە و سێروو، شێر و وشتر، ماسی، ڕێوی و گورگ، زەردەواڵە و ئەسپێ، مار و سیسرکە، مەڕ و بەراز، کرۆکۆدیل و مەیموون، داری چنار و داری زەیتوون، دار هەنجیر و دار سێو. بەڵام لە پەنای ئەواندا جار و بار ناوی خوداکان و پاڵەوانەکانیش هاتوون وەك : زیئوس "Zeus"، ئاپۆلۆن "Apollon"، ئافرۆدیت "Aphrodite"، ئاتینا "Athene"، هێلیۆس "Helios"، پرۆمێتیۆس "Prometheus"، هێراکلێس "Herakles"، هێرمێس "Hermes"، تایرێزیاس "Teiresias"، ئەفلاتوون "Plutos" (دارایی)، تاناتۆس "Thanatos" (مەرگ)، هەروەها مرۆڤی ساکار وەك ڕێبوار، بازرگان و پیاوی پیر و مرۆڤی زەریاییش لە چیرۆکەکاندا دەوریان هەیە.

بڕێك لە کەسایەتیی و ئاکتۆرەکان لە مێژوودا وەدوای تایبەتمەندیی نەرێنی وەك تەماح، ئیرەیی، سپڵەیی، چاوچنۆکی و خۆ گەورە بینی کەوتوون و تەنیا سەرنجی تاقەکەسیی خۆیانیان لا گرنگ بووە و هەوڵیان داوە لەسەر حیسابی مرۆڤەکانیتر کارەکەیان بەڕەوپێش بەرن. هەر بۆیەش بەرەو ڕووداو یاخود بارودۆخێك باياندواوەتەوە کە نەک هەر بە ئامانجەکەیان نەگەیشتوون، بەڵکوو زیانیشیان بە خۆیان گەیاندووە. بەڵام بە پێچەوانە، هەڵس و کەوتی نموونە و خۆڵقاندنی پەیامی ئەخلاقی بۆ مرۆڤ لە کۆمەڵگای ئەو سەردەمەدا هێندە بە نرخ بووە کە لە قیمەت نەهاتووە.

چیرۆکەکانی ئیزۆپ یەکەم کاری سەردەمی کەونی یۆنانە کە بە درێژایی چەندین سەدە لە هەموو ئوروپادا بڵاو کراونەتەوە. وەرگێراوی لاتینی ئەو بەرهەمانە لە یەکەم سەدەی دوای زایینداً لە لایەن پێدرۆس "Phädrus" شاعیری ڕۆمییەوە بەڕێوە براوە. ئەو کارە پڕ بایەخانە پایەیەکی سەرەکیان پێکهێنا بۆ هەموو چیرۆکەکانی دوای خۆیان و هەروەها لە قوتابخانەکانی سەدەی ناوەڕاستەوە تا سەردەمی مودێرن کەڵکیان لێ وەرگیراوە. ئەو چیرۆکە ئەدەبییانە کارتێکەریان لەسەر زۆربەی نووسەران و شاعیرانیش داناوە.

شایانی باسە گەلێک چیرۆکی ئەفسانەیی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوین لە زمانی عەرەبی فارسی، کوردی و تورکیدا، کارتێکەریی ئەو چیرۆکانەی ئیزۆپیان لەسەرە و بە تایبەت لە زاراوە جیاجیاکانی زمانی کوردیدا گەلێک چیرۆکی گۆڕی ئاگردانمان هەن کە قارەمانەکانی بریتین لە ئاژەڵ و دار و گیا وگڕ. هەروەها ئەنجام وەرگرتنی ئەخلاقیی کۆتایی چیرۆکەکان هاوشێوەی کارەکانی ئیزۆپە. ئەم بابەتە زۆری بە بەرەوەیە و جێگەی بەراوردکاری و لێکۆڵینەوەی وردترە.

درێژەی هەیە ...